سعوودییە و ئێران لە عێراق

فاتیح عەبدولسەلام

لە ماوەی سێ مانگدا، گوێم لێبوو و خوێندنم و بینیم، ئەوەی پەیوەندی بە نزیکبوونەوەی سعودیە و عێراق هەیە، لەگەڵ ئەو دەروازە بەرچاوەی، کە سعودیە پێش عێراق چاوی تێبڕیوە، دوای داپرانێکی درێژ، کە دەبێت قۆناغی دامەزراندنی هەموو شتێک هەببێت. هەر مەزندە و هەڵسەنگاندنێک بۆ پەیوەندییەکان، دەکرێت لە نێوان هەردوو ولآت بە قەڵەم و کاغەز بپێورێت، بەڵام ئەوە مانایەکی ئەوتۆ ناگەێنێت، ئەگەر پەیوەندی نێوان سعوودییە و ئێران باشتر نەبێت. دەبێت عێراق سوودی بۆ پەیوەندییە گرنگەکانی نێوان تاران و ریاز هەبێت، هەرچەندە شیاوی ئەوە نییە، هەوڵی باش لە نێوانیان بدات، تاکو نیگەرانی نێوانیان کەم بکاتەوە، هەرچەندە گوێمان لە لێدوان دەبێت، کە بەو ئاراستەیەیە، لەو کاتەی ژینوار شتێکی تەواو پێچەوانەیە. هەر حکوومەتێکی ئایندەیی سەرکەوتوو لە عێراق، دەبێت بۆ پەرۆش و بەتوانا بێت، لە هەمان کاتیشدا پەرە بە پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ ئێران و سعودیە بدات، بەردەوام لەو دوو ولآتە رکابەرەش بگەێنێت، بەوەی بەرژەوەندی عێراق لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی هەرێمایەتی دیکەوەیە.

ئەو شتە گرنگ و ئەستەمە و نایەتە دی، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، کە هەموو ئامرازەکانی دەسەلآت لە عێراق، پلان و جێبەجێکردنی لەژێر رۆشنایی دیدی عێراقییەوە نەبێت، کە یەکدەنگی نیشتمانی بە هەموو چین و توێژەکانی بەدی بێنێت. ئایا ئەگەر عێراقییەکان مەرجی نیشتمانیان لە مامەڵەکردن بە گوێرەی ستراتیژیەتێکی بنایتنەوە ئەوەی بۆ ئایندە بەدیهێنا، ئێران و سعودیە بە ژینواری پێکەوەژیانی نێوانیان، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی عێراق لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی هەرێمایەتی دیکەوەیە.

ئەو شتە گرنگ و ئەستەمە و نایەتە دی، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، کە هەموو ئامرازەکانی دەسەلآت لە عێراق، پلان و جێبەجێکردنی لەژێر رۆشنایی دیدی عێراقییەوە نەبێت، کە یەکدەنگی نیشتمانی بە هەموو چین و توێژەکانی بەدی بێنێت. ئایا ئەگەر عێراقییەکان مەرجی نیشتمانیان لە مامەڵەکردن بە گوێرەی ستراتیژیەتێکی بنایتنەوە ئەوەی بۆ ئایندە بەدیهێنا، ئێران و سعودیە بە ژینواری پێکەوەژیانی نێوانیان، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی عێراق لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی هەرێمایەتی دیکەوەیە.

هۆشیار سیوەیلی لەگەڵ شاندێکی باڵیۆزخانەی کەنەدا کۆبۆوە

زەینەب ئالیئافا: پێویستە هەوڵێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووردا بگەنە ڕێککەوتن

هۆشیار سیوەیلی بەڕێرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێرسی بەشی سیاسی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە کوەیت و عێراق کرد. سیوەیلی بەناوی سەرکردایەتی پارتی و گەلی کوردستانەوە سوپاسی گەل و حکوومەتی کەنەدای بۆ ئەو هاوکاری و پاڵپشتییەی کە لە ماوەی رابردوودا پێشکەشی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە، کرد بەتایبەتی هاوکاری سەربازی لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشدا.

بەڕێرسی پەیوەندییەکانی پارتی بە وردی باسی لە رووداوەکانی چەند مانگی رابردووی بۆ شاندی میوان کرد و ئەوەی خستەڕوو گەلی کوردستان لە ئەنجامی پاپەند نەبوونی حکوومەتی فیدراڵ بەدەستووری هەمیشەیی و پێشێلکردنی، بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمیدا، هەروەها ڕیفراندۆم مافی هەموو نەتەوە و گەلێکە کە ئاشتییانە دەنگی خۆی بە جیهان و دەستەلآتداران بگەیەنێت، گوتیشی: بەداخەوە حکوومەتی عێراق وەلآمی گەلی کوردستانی بەهێزی سەربازی و پاڵپشتی دەرەکی دایەوە و جیهانیش لە بەرانبەر ئەم پێشێلکارییەدا بێدەنگ بوو، ئێستاش حکوومەتی فیدراڵ سزای گەلی کوردستان دەدات و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدەدات لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە خورماتوو، داواشی کرد هەڵوێست وەربگرن لە بەرانبەر ئەم کارە نادەستووری و پێشێلکارییانەدا کە بووەتە مایەی نەهامەتی گەلانی عێراق.

لە لای خۆیەوە زەینەب ئالیئافا، دووپاتی پشتیوانی ولآتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان کردەوە و رایگەیاند: حکوومەتی کەنەدا بەردەوام دەبێت لە هاوکارییەکانی و داواش لە حکوومەتی عێراق دەکات کە کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بە دانوستان چارەسەر بکات. خاتو ئالیئافا ڕاشیگەیاند پێویستە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم لە چوارچێوەی دەستووردا مامەڵە بکەن و بگەنە ڕێککەوتن و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی گەلانی عێراق بگیرێت، گوتیشی: ئێمە پێمانوایە بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە و مانەوەشی، ئالۆزییەکان زیاتر دەکات، بۆیە داواکارین بە زووترین کات کۆتایی بە گرژییەکان بهێندرێت.

بەڕێوەبەری CIA: ڕووسیا هەوڵدەدات هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەناوببات

دەنگی ئەمەریکا/

بەڕێوەبەری سی ئای ئەی دەڵێت ڕووسیا و ئەوانی دیکە هەوڵدەدەن هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەناوببەن، لە کاتێکدا لە مانگی یانزەدا هەڵبژاردنێکی دیکەی گرنگ ئەنجام دەدرێت و کۆمارییەکان هەوڵدەدەن پارێزگاری لە دەسەلآتیان بەسەر کۆنگرێسدا بکەن. دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕووسیا دەستیوەردەوەتە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکای ساڵی 2016دا بۆ یارمەتیدانی سەرۆک ترامپ تاوەکو لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێت، ئەوەش لە ڕێگی هاککردنی کۆمەڵێک هەژمارەوە لە ئینتەرنێت و نارەزایی ئیمەیڵی شەرمەزاری بۆ کاندیدی ئەو کاتەی دیموکراتەکان هیلاری کلینتۆن و بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لەڕێی تۆڕە کۆمەلآیەتیەکانەوە. بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ناوەند مایک پۆمپیۆ بە تۆڕی هەواڵی سی ئێن ئێ وت دەستوەردانەکەی ڕووسیا لەمێژە هەیە و هێشتا بەردەوامە، هەروەها کاتێک پرسیاری لێکرا سەبارەت بەوەی ئایا مۆسکۆ دەیەوێت هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەناوببات مایک پۆمپیۆ گوتی "بەڵێ، بۆ دەیان ساڵە." گوتیشی: هێشتا نیگەرانم، نەک هەر لە ڕووسیا، بەڵکو لە هەوڵەکانی ئەوانی دیکە. بێ ئەوەی بچێتە وردەکارییەوە. گوتیشی: دوژمنی زۆرمان هەیە کە دەیانەوێت دیموکراسی ڕۆژئاوا لەناوببەن. جێی ئامازەیە مۆسکۆ ڕەتی دەکاتەوە دەستی هەبووبێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا بۆ یارمەتیدانی سەرۆک ترامپ. ئێستاش لێکۆڵەرەوەی تایبەت ڕۆبەرت مولەر لێکۆڵینەوە لەوە دەکات تا بزانێت تاوان ئەنجامدراوە یاخود نا. دوو ڕاوێژکاری سەرۆک ترامپ، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی پێشووی ئەمەریکا مایکڵ فلن و یاریدەدەرەکەی سەرۆک ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا جۆرج پاپادۆپولۆس دانیان بەوەدا ناوە کە درۆیان لەگەڵ ئێف بی ئایدا کردووە لە لێکۆڵینەوەکاندا. سەرۆک ترامپیش ڕەتی دەکاتەوە هیچ بەرکەوتنێک هەبووبێت لەنێوان ڕووسیا و هەوڵدەدەن بگەنە ئەو مەبەستەیان. "

ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە لە چوارچێوەی تیمی ئاسایشی نیشتیمانیدا بۆ هێشتنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بە پاریزراوی و دیموکراسیانە. گوتی "بەجددی کار بۆ ئەوە دەکەین. بۆیە بەرامبەر ڕووسەکان و هەر لایەنێکی دیکەدا دەوەستینەوە کە هەوڵدەدن بگەنە ئەو مەبەستەیان. "

یاریدەدەری یەکەمی سەرکۆماری ئێران:

گەلی ئێران ڕووبەڕووی کێشەی کولتووری و سیاسی بۆتەوە

یاریدەدەری یەکەمی سەرکۆماری ئێران، ئیسحاق جیهانگیری ڕایگەیاند کە گەلی ئێران ڕووبەڕووی کێشەی کولتووری و سیاسی بۆتەوە و چاوەڕوانییەکانی گەلی ئێران جێبەجێ نەکراون. دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر کۆچی دوایی سەرکۆماری پێشووتری ئێران، ئایەتوڵلآ هاشمی ڕەفسنجانی لە مەراسیمی یادکردنەوەکەدا کە لە تارانی پایتەخت بەڕێوەچوو، جیهانگیری گوتەیەکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە خۆپیشاندانەکان کرد. جیهانگیری گوتی: گەلی ئێران ڕووبەڕووی کێشەی کولتووری و سیاسی بۆتەوە و چاوەڕوانییەکانی گەلی ئێران جێبەجێ نەکراون. مشتومڕکان، نارەزایەتییەکان، نیگەرانییەکان هەمووی بۆ داهاتووی ئێرانن. لە بەشێکی تری گوتەکانیدا جیهانگیری باسی لەوە کرد کە دەبێت کەنالەکانی پەیوەندی بە کراوەیی بهێڵرێتەوە و نارەزایەتییەکان تووندوتیژی و ڕقی لێنەکەوێتەوە و گوتی: ئەم پرسە زیان بە یەکڕیزی وڵآت دەگەیەنێت. دیالۆگ کێشەکان چارەسەر دەکات.

وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا: ساڵی رابردوو ڕێگری لە 20 هەوڵی تیرۆریستی کراوە

وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا، جیرارد کۆلۆمب ڕایگەیاند، ساڵی رابردوو ڕێگری لە 20 هەوڵی تیرۆریستی کراوە لە وڵآتەکەیاندا. لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی Le Progres کۆلۆمب ڕایگەیاندووە، هیچ شوێنێک نییە مەترسیی هێرشی تیرۆریستیی لەسەر نەبێت و پێویستە لە هەموو شوێنێک بە وریاییەوە مامەڵە بکرێت و ئاشکراشی کرد لە ساڵی 2017دا، ڕێگری لە 20 هەوڵی تیرۆریستی کراوە. لە مانگی رابردوودا لە شارەکانی پاریسی پایتەخت و لیۆن، دوو کەس کە سەرقاڵی ئامادەکاریی هەوڵی تیرۆریستی بوون، دەستگیرکران. شایەنی وەبیرهێنانەوەیە لە هێرشە تیرۆرستییەکانی ساڵی 2015دا لە فەڕەنسا، زیاتر لە 230 کەس کوژران.

زیاتر لە 24 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە

19 هاوپەیمانی داوای تۆمارکردنیان لە کۆمیسیۆنی عێراق پێشکەش کردووە

تاوەکو ئێستا 19 هاوپەیمانی داوای تۆمارکردنیان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێشکەشکردووە. لەمبارەیەوە ریاز بەدران، سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردن لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگەیاندووە، تاوەکو کۆتا ڕۆژی دووشەمە 2018/1/8 لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا 19 هاوپەیمانی داوای تۆمارکردنیان پێشکەشکردووە و کارکردنیش بۆ تۆمارکردنی هاوپەیمانییەکان لە فەرمانگەی پارت و ڕێکخستنە سیاسییەکاندا بەردەوامە.

ڕۆژی پێنجشەممە 2018/1/11 دوایین وادەیە بۆ تۆمارکردنی ناوی هاوپەیمانێتییەکان لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا، کە زیاتر لە 24 ملیۆن کەسیش مافی دەنگدانیان هەیە. دوای هەڵبژاردنەکانیش، ئەگەری دەرکەوتنی دوو هاوپەیمانی سەرەکی دەکرێت؛ یەکەمیان بە سەرۆکایەتی مالیکی لەگەڵ هادی عامری، قەیس خەزعەلی و بەشێک لە کورد و سوننە. دووەمیان بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی لەگەڵ موقتەدا سەدر، عەمار حەکیم، بەشێک لە کورد و سوننە. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوە تەنها ئەگەرە و دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان یەکلایی دەبێتەوە.

شاخەوان عەبدوڵلآ، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕەتیدەکاتەوە، هیچ لایەنێکی کوردستانی هەوڵی ئەوە بدات بە تەنیا هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان بکات و ئەگەری ئەو هەوڵەش بە "خۆکوژی سیاسی" ناودەبات.

یەحیا کوبەیسی، ڕاوێژکار لە سەنتەری عێراقی بۆ توێژینەوەی ستراتیجی ڕایگەیاندووە: دۆخی گۆڕەپانی شیعە تاڕادەیەک دیارە و پێشبینی دەکرێت بە پێنج لیستی گەورە بەشداربن. بەڵام بۆ سوننە هێشتا زووە باسی هاوپەیمانی بکرێت، چونکە تاوەکو ئەم ساتە زۆر پەرتەوازەن و هیچ هێزێکی گەورەی سوننە نەماوە وەک لە ساڵی 2010 و 2014 هەبوون و هەموو لایەنەکانی سوننە پێگەیان نەماوە، ئەگەر هاوپەیمانییەکی کوردستانی هەبێت بەدڵنیاییەوە کاریگەری گەورەی لەسەر بڕیار لە بەغدا دەبێت.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، ڕۆژی 2018/5/12 پەسندکرد بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق پێکەوە بەڕێوەبچن. تاوەکو ئێستاش هەموارکردنەوەی هەردوو یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە پەرلەمانە و لایەنەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی، تاوەکو پەسندی بکەن.

پێشبینی دەکرێت لایەنە شیعەکان بە لانیکەم بە پێنج لیستی جیاجیا لە هەڵبژاردنەکان بەشداربن کە بریتین لە ڕەوتی سەدر، ڕەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم، حەیدەر عەبادی، نووری مالیکی و لیستی پێنجەمیش لایەنە بچووکەکان لەخۆدەگرێت کە نایانەوێت لەگەڵ ئەو چوار لیستە بەشداری هەڵبژاردنەکان بن.

سەرچاوە: ڕووداو